هەرکەسێک خورمایەک بفرۆشێت کە هەڵاڵکراو بێت؛ بەرهەمەکەی بۆ فرۆشیارە، مەگەر کڕیار مەرج دابنێت

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک خورمایەک بفرۆشێت کە هەڵاڵەکراو بێت** (تەلقیح کرابێت)؛ بەرهەمەکەی بۆ فرۆشیارە، مەگەر کڕیار مەرج دابنێت». ولە گێڕانەوەیەکدا: «وهەرکەسێک بەندەیەک*بکڕێت، مووڵکەکەی بۆ فرۆشیارەکەیە، مەگەر کڕیارەکە مەرج دابنێت». *(بەندەیەک: مەبەست -کۆیلەیە- کە لەو سەردەمەدا کڕین وفرۆشتنیان پێدەکرا وبەکاردەهێنران بۆ خزمەتکردن)، **(هەڵاڵەکراو بێت: مەبەست پیتاندنە واتا پارچەیەکی خورمای نێرینە دەکرێنە نێو پارچەیەکی خورمای نێرینە)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

مافی هەڵاڵەکردن وهەروەها بەرهەمەکەیشی بۆ فرۆشیارە چونکە هۆکارەکانی جێبەجێکردووە کە بریتیە لە هەڵاڵەکردن، ئەگەر هەرکاتێک کڕیار مەرج دابنێت بەوەی بەرهەمەکە دەبێت بۆ ئەو بێت، -وئەگەرچیش خورماکە هەڵاڵە کرابێت*- وفرۆشیارەکە ئەمە قبوڵ بکات، ئەوان لەسەر مەرجەکەیان ڕێکەوتووون. بەهەمان شێوە ئەو بەندەیەی** کە گەورەکەی هەندێک مووڵک وپارەی پێداوە، لە کاتی فرۆشتنی مووڵک وپارەکەی بۆ گەورەکەیەتی چونکە گرێبەستەکە ئەو مووڵک وپارەیە ناگرێتەوە، مەگەر کڕیارەکە مەرج دابنێت، وئەمیش دەبێت بە بەشێک لە گرێبەستی فرۆشتنەکە. *(هەڵاڵەکراو بێت: مەبەست پیتاندنە واتا پارچەیەکی خورمای نێرینە دەکرێنە نێو پارچەیەکی خورمای نێرینە)، **(بەندەیەک: مەبەست -کۆیلەیە- کە لەو سەردەمەدا کڕین وفرۆشتنیان پێدەکرا وبەکاردەهێنران بۆ خزمەتکردن)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5842